# "کومەڵگای خەمناکە یان هێ زیندوو"

**ئەیوب بارزانی 2014/9/7**

باراك ئوباما سەروکی ئامریکا شەوی 5\9\2014 لە ویلز ، لە کوبونەوەی (ناتو) دیاری کرد پێکهینانی هاوپەیمانێك لەشکری: ئەمریکی – ئەوروپی لە 10 ئەندامی (ناتو) : ئامریکا، ئالمانیا، فرەنسا، بەریتانیا، ئوسترالیا، کەنەدا، ئیتالیا ، دانمارك، پوڵاند و تورکیا. دژی ڕێکخراوی (داعش) بە تایبەتی لە عراق و سوریا. دیسان رولەکی تایبەت بە تورکیا درا لە کوردستان وعراق وسوریا.

لە هەمان کات سکرتیری گشتی(ناتو) ئەندرز فوگ راسموسن، ئامادەگی دیاریکرد دژ بە روسیای فیدرال لە بابەت گرفتی اوکرانیا ودامەزراندنی هێزەکی هەمیشە ئامادە کە بنگەکە لە ئەوروپای خۆرهەڵاتبێ... بزاڤ (ناتو) لە سەر ئەو دوو میحوەرە، دەردەخێ کە جەنگی سەپاندنی دەسەڵات لە سەر هەرێمەکانی دەوڵەمەند بە سەرچاوەکانی وزە نەك هەر بەردەوامە، بەلکو کەوتە رادەیەکی مەترسیدار لە سەر ئاشتی وهێمنی گشتی مرۆڤایەتی. دەوڵەتەکانی (ناتو) لە ژێر فشاری گرفتی مالی ورامیاری قوول، بەرەو کولونیالیزمی کوون دەڕۆن بەڵام بە ئامرازی نوێ. جارەکیتر کومەڵگای مرۆڤایەتی گەڕایەوە بەرەو سیستمی جیهانی دوٚ جەمسەر. (ناتو) دژی روسیا وچین.

هەبونی هێزەکانی (ناتو) لە کوردستان کە روژانە لە زیادبوٚنە، ئەلمانیا بوٚ یەکەم جار پاش جەنگی جیهانی دووەم ، هیزی جەکداری خووی دەنێرێ بو کوردستان. لە ناو ئەم گرفتە قوڵانەی خورهەڵاتی ناوە راست دەسەڵاتی کوردی کلیپتوکرات ، بە عەقلیەتی کوێخای گوند ومناڵانە، و شکەستن وموفلیسی سیستەمەکەی، ڕوڵی بەکرێگیراو ئەبینێ. ئەو دەرفەتەی کە ئامریکا بە خوٚڕایی پێدابو و 23 ساڵ خایاند، خەریکی بەرژەوەندی بنەماڵەیی بوٚن ، ئاستی بیرکردنەوەی سیاسییان بە هیچ شێوەیەك لە بینینی لوتی خوویان دەربازنەبوٚ. لە بابەت ئامادەگی مالی و لەشکری بوٚ نیزیکەی 6 ملیون کەس، کاتی کە بەغا موچەی هەرێم وەستاند و بە هاتنی هێزەکانی (داعش) بینیمان کلیپتوکراتی کورد لە چی جیهانێکدا دەژی!

بوٚ ئەوەی سودمەند بین لە هەڵومەرجی تازەی ململانێ جیهانی، کومەڵگای کوردستانی دەبێ خوٚی رزگار کات لە عەقلیەتی کوێخای گوند و بنەماڵەی، ئەوا زیاتر لە 60 ساڵ ئەم عەقلیەتەی کلیپتوکراتی دەسەڵاتی ئێستا ، گەلی کورد خستوتە چاڵەکی فکری قوول، بەبێ درچوون لەم چاڵە ، ناتوانین هەنگاو بێنین بەرەو ژیانی دیموکراسی، ئازادی بیرورا، رێز لە مافی تاکە کەس، پێشکەوتنی کومەڵگا ، رێکخراوی مەدەنی، لە بواری کولتوری، سیاسی، رامیاری ، ئابوری ، سەربەخووی ودادپەروەری.

له بەرچاومانە ئەوی بە سەر جیهانی عەرەبی هاتووە لە کارەسات ، بە درێژای چاخی رابردو و تا ئێستا ئەگەرێتەوە بۆ کەوتنی گەلانی عەرەب لەناو چاڵی دکتاتورەکان و دەسەڵاتی بنەماڵەی کلیپتوکرات ، لەناو ئەم چاڵە نوکردنەوەی بیرورا نیە، تاکەکەس هەبونی نیە ، دەسەڵات بەرپرس نیە لە هیچ تاوانێك . لەناو ئەم چاڵە قووڵەدا ، زیاتر لە 22 دەوڵەت و زیاتر لە 200 ملیون عەرەب ، هیچ گرانییەك لە ئاستی نیودەوڵەتی نییانە، سوکایەتی ڕوژانە پێئەکرێ ، دەوڵەتی شکەستو وپاشکەوت دادەمزرێنێ . رەوشەنبیر ، دکتور ، ئەندازیار ، زانایان لە بواری نەوەوی ، تکنولوژی ، تەندروستی هتد ، هەڵدێن بۆ هەندەران . لە ناو کومەلگا هەلو مەرجیك کولتوری سازدەبێ بۆ لەدایکبوونی ڕێکخراوی توندڕو وەك (القاعده) و (داعش) ئەبن بە دەسەڵاتدار و خوویان دەسەپێنن بە سەر کومەلگادا.

ئەو کارەساتەی بە سەر دانیشتوانی شەنگال هات، کلیپتوکراتی کورد بەرپسیارە ، کارەساتی شەنگال جەوهەری کلیپتوکراتی کورد دەرخست بۆ سەدەها جار.

گەلی زیندو ناترسێ لە هەوڵدان بو گورانکاری بنەڕەتی ، ئەو گەلەی بترسێ لە گورانکاری هەر لە ناو چالی دکتاتورەکان دەمێنێ.